# بەسەرهاتی ئەدیب

نێوی خۆی مـەلا ڕەسـوول و نازنـاوی (ئـەدیب)ە. کـوڕی مـەلا سـادقی کوڕی خەلیفە عەبدوڕڕەحمانی زەندییە؛ کە لە بنەچەکەدا دەچێتەوە سـەر تیرەی (لطف علی خان) و (کریم خان)ی زەند.

ئەدیب لە [ساڵی] (١٢٩١هــ) لـە دێـی (شـاوەلێ) دا لـە دایـک بـووە. سودی خوێنـدەواری لـە لایـەن زمـانی کـوردی و فارسـی و ئارەوییـەوە لـە قوتابخانە و مزگەوتاندا دەست کەوتووە و شاگردی وەفاییش بووە.

ئـەدیب سـەری بـۆ خـواردنی زەکـات و سـەرفیترە، شـۆڕ و مەلایـەتی نەکردووە. تۆماری تەمەنی خۆی لە ڕێگای دەرس وتنەوە بە کـوڕە ئاغایـان و ئاشوەستایی و دارتاشی و پزشکێتیدا پێچاوەتەوە. ئیتر بەو جـۆرە چەنـد ساڵێکی لە پەسوێ دەرسی بە کوڕەکانی قەرەنی ئاغای مامەش دەکوت. لە ئەنجامدا کە لە گـەڵ نووسـیاری قـەرەنی ئاغـا، میـرزا عـەلی، نەحاوایـەوە؛ ناچار ڕووی لە شنۆ کرد و لە دێـی (سـەرگیز) بـە مامۆسـتایەتی کوڕەکـانی ئاوڕەحمان ئاغای دامەزرا. کەچی داخەکەم چارەڕەشـی لـەوێش وازی لـێ-نەهێنا. مەلا مەحمودێکی شـێخ محەممـەدئـەمینی لـێ بـوو، هەمیشـە بـە تانوپۆی کەشف و کەراماتی شێخی بورهانی دەرست. مەلا ڕەسـولیش کـە پیاوێکی زانا و زیرەک و تێگەیشتوو و چاوکراوە بوو؛ بەربەرەکانێتی چتـی

وای زۆر دەکرد. هەرکەسێکی لە خۆیەوە چتی وێنەچووی هەڵبەستایە، نەدەچۆ مێشکیەوە.

مەلا مەحموودی دڵ و دەروون ڕەش، لە لای ئاغای گەلێکی زمان لێدا. ئاغاش موچە و بەراتەکەی لێکەمکردەوە؛ تا گەیشتە ڕادەیەکی وا کە بە خۆی و منداڵەکانیەوە، لە مانگێدا، جارێکی گۆشت و چێشتی نەدەدیت. سەڕەڕای ئەوەش لەو دەمە تووشەدا، تووشی قەرزی سێ (حوقە)یەک، گۆشت هاتبوو. چەند مانگ بوو پێی نەدەدرایەوە. کابرای کوژیار (قصّاب) ئاوریشی بوو وە گەلێکی جنێو پێداوە. لە لای ئاغاش، گازندە (شکایت)ی لێکرد و ئەو درۆیەشی خستە سەری، کە گۆیا جنێوی بە ئاغاش داوە.

ئاوڕەحمان ئاغاش لە جیاتی وەی شەرم بیگرێ، کە مامۆستای کوڕەکانی، لە چەند مانگدا پووڵی حوقە گۆشتێکی نەبێ بیداو یا لە بڕی ئەوەی کە بۆی بداو لەمەوپاش باشتر ئاوڕی لێبداتەوە؛ هەر بەبێ لێ-کۆڵینەوە، فەرمانیدا ١٠٠ شەقیان تێهەڵدا. ئەدیبی بوێژ و وێژەوانی زەندی چارەڕەش، لە شەرمی ئابڕو چوون و پەردەی نامووسدڕانی وە لە بەر زەبری شەقەکان وا نەخۆش کەوت، کە هەڵنەستێتەوە.

ئاوڕەحمان ئاغا کە بەوەی زانی، زۆر سەخڵەت بوو. چووە ماڵی ئەدیبی و کوتی: «مەلا ڕەسول ئەوا ئەسپێک و دەمانچە و تفەنگێکی بە فیشەکدانەوە؛ وە باڵتۆیەکی تازە و باش و کەژمێرێکی زێڕم بۆ هێناوی؛ تۆش گەردنم ئازاد بکە.»

ئەدیب لە وەڵامیدا فەرمووی: «ئاغا دوای ئەوەی کە بێسوچ و تاوان، لە سەر هیچ و خۆڕایی، سەد شەقم تێهەڵدرا و پەردەی ئابڕو و نامووسم دڕاو لە سەردەمی گیانەڵڵایەدا، چ لەوانە بکەم کە بۆمنت هێناوە؟! نەک هەر ئەوانە، بەڵکوو ئەگەر گێتی ئیتۆ بێ و پێشکەش بە منی بکەی، تازە

چ سودێکی لێدەبینم؟! وای دابنێ منیش ئازادت بکەم، لە پێش دادگای خوڵات چۆن ڕزگاری دێت؟!»

ئاغا دەینێرێتە لای چەند پزشکێکی؛ چارەیان پێناکرێت و دەڵێن: «تا پێنج ڕۆژی دی ناژی.» لە (١٢) جمادی یەکەمی ساڵی (١٣٥١)ی هیجری دا کۆچی دوایی دەکا و لە سەر ڕاسپاردەی خۆی تەرمەکەی لەوێ نانێژن و دەیبەنە گۆڕستانی دەربەندی.

ئەدیب پیاوێکی دەستەو لاوازو ڕووخۆش‌و زمان‌شیرین‌و نەرم‌و سەنگین‌و گران‌و بەزەییدارو دڵفراوان‌و میوان‌پەروەر بوو. لە هونەردا، سەری لە زۆر چتانی وەکوو پزشکی کوردەوارێتی‌و دارتاشی‌و ئاش-وەستایی‌و خۆشنووسی‌و ...ئێتر دەردەچوو.

ئەدیب لە نووسینی وێژامە (نثر)و دانانی هەڵبەستاندا، سەلیقەو دەستەڵاتێکی زۆر بەرزو هێژای هەبوو. ئەسپی تەبعی بە ئەندازەیەکی وا ڕامی بوو، کە پاپەندی کات‌و ناکات‌و خۆش‌و ناخۆشی نەبوو. بەڵکوو لە توانایدا بوو کە هەموو گوفتارو دڵخوازێکی خۆی، بەبێ دامان بهۆنێتەوە.

ئەدیب هەڵبەستی بە زمانی کوردی‌و فارسی‌و ئارەوی (عربی)و ڕووسی، زۆر داناوە. داخەکەم بەشی کوردیەکەیم کەم دەست کەوتووە.

ئەدیب چەند جارێکی هەڵبەستی نیشتیمانی بۆ دەناردینە ڕەواندزو ئێمە لە گۆڤاری زاری کرمانجی‌ماندا بڵاو کردۆتەوە؛ کەچی ئێستا لەو دەرفەتەدا ئەو ژمارانەی کە هەڵبەستەکانی وی تێدایە، نەماماون.

هۆنراوەکانی ئەدیبی کە کوردی پەتی نین، ئەوسا ئەو شێوەیە لە باودا بووە. هەر کەچی‌و لەنگی‌و کەم‌وکوڕێکی لە هەڵبەستەکانی ئەدیبی‌دا لە بەرچاو دەکەون لە مەڕ وی نین؛ بەڵکوو هی ئەو دەستنووسە شکستەیی‌و دڕاوانەیە، کە چل ساڵ دەبێ نووسراونەتەوە. ئێمە لە ڕووی وانمان بە هەزاران ڕەنج‌و ئەرک، نووسیوەتەوە. تکایە هەر کەسێکی وێنەی ئەدیبی

زەندیو یا چەند پارچە هەڵبەستێکی دیکەی کوردی وی لەلایە، بۆمانی بنێرن؛ لە بەرامبەردا هەرچیەکی ئارەزووی بفەرموون، جا پارە بێ یا پەڕتووک (کتاب)ی کوردی، بە سوپاسو شانازیەوە پێشکەشی دەکرێت.

بەسەرهاتو هەڵبەستەکانی ئەدیبم، هێندێکی لە مەلا قاسمی زەندی، برازای مەلا ڕەسولی ئەدیبو بەشێکیشم لە فەقێ ئیسماعیلی سەرمابردوو وەرگرتووە. لە کانگای دڵەوە سوپاسیان دەکەم. کوردی موکریانی دەبێ بە گەرمە، سوپاسی فەقێ ئیسماعیل بکەن کە (٥٠) ساڵە، هەر جۆرە گۆرانیو بەستەیەکی کە لە سابڵاخی داهاتبێ، بە هۆی دەنگی خۆشو لەرەی دەفەکەیەوە، بە ناو براکوردەکانی گەرمێنێدا بڵاو کردۆتەوە.

گیوی موکریانی

## سەد حاتەمی تایی

سـەد حاتـەمی تـایی، بـە غوڵامـت لـە سـەخادا
وەرقـا و وەفـا خـاکی حـەریمـت لـە وەفـادا
ئاوێنــە مەگــەر وێنــەیی ڕووتــە لــە ســەفادا
هــاوار و گــرینم بــەســە ئیــتر لــە خــەفادا
تــۆقیفی منــت بۆچیــە ئــاخر لــە جــەفادا

عوششاق هەموو شیفتەیی حوسنی تووە یەکیەک
شــەیدا و پــەرێشــان و برینــدارە بــە نــاوەک
شـاگردە لـە بـۆ سـاحیریی تـۆ مـانی و مـەزدەک
نەشئەی دڵی من بۆ نمی لوتفی تـووە هـەر وەک
پشــکووتنی گوڵخونچــە لە دەم بــایی ســەبادا

جێی هەر سەرەتیری موژەکەت، خوێنە دەجۆشێ
بـەم چـاوە بڵـێ: چـی دیکـە عیشـوە نـەفرۆشـێ
ئـەم تفڵـە لـە گـەهواری بەدەنـدا دەخرۆشــێ
هەر جارێ کە ئەم پەردە بـە پەشـمینە دەپۆشـێ

ئاشـووبە دڵـم وەک سـەری زولفـت لـە هـەوادا

دێوانەمە بەو پڕتەوەت ئەی شـەمعی دڵئـەفرۆز
هاتوومـە تـەوافت منـی پەروانـەیی خودسـۆز
جـەرگم هـەموو بریانـە بـە پـەیکانی جیگـەردۆز
لەو کونجە کە پاپەندی خەمی تۆمـە شـەو و ڕۆز
کـارم چ بـە عـەیش و تـەڕەب و بـەزم و نـەوادا

مـەجنوون سـیفەت، زارو غەریبانـە لەسـەر ڕێـی
چەند موددەتە عەزمم بوو سـوئالێکی بکـەم لێـی
ئەمڕۆکە لە ڕووی لوتفەوە پرسی کـە: ئـەتۆ کێـی
ڕووم نایەوە سەر خاکی بەری پێـی و وتـم پێـی:
عەقڵ و بـەدەن و عـومری منـت بـۆچی بـەبادا

فەرمووی کە: ئەمن یەکسەرە بێمەنزڵ و بێجێم
جیسـمی تـۆ ئەگـەر حـازری قوربانییـە بـۆ ڕێـم
کاشـانەیێ خـاڵی بـێ لـە بێگانـە، بـەڵێ دێـم
بێباکـە، خـەدەنگی لـە جیگـەر دام و وتـی پـێم:
ئـەی ئەبلـە وەرە، جـەژنی ویسـالت لـە فـەنادا

بـۆ بـادەیـی مـەعنا، لـە دەم و قـەولی لـەبیبان
سـاقیی و نـەی و بەربـوت و ئـامێزی حـەبیبان
ئـەمڕۆ وەرە ئـەم بەزمـە بـە کـوێرایی ڕەقیبـان
بێجێ و جیهـەت مەمدەنـە بەردەسـتی تـەبیبان

کـوژراوی سـەری غـەمزە چ دەخڵـی بـە دەوادا

مـاتی خـەمی ئـەبرۆ و دو لـەعلی لـەبی ئـاڵم
جانـا چ دەبـێ جارێ، حـەزەر کـەی لـە وەبـاڵم
ڕۆژێکـی بـە سـەردان وەرە بـۆ دیـدەنی حـاڵم
چەنـد خۆشـە لهبـەر ئێشـی برینـت کـە دەنـاڵم
«غــم از دل و کــم از سرم ایــن ســایه مبــادا»

بولبـول بـە هـەوایی گـوڵی وا کـەوتووە حـەیران
ئـەو موتریبـە جـەرگ و دڵمـی کـردووە بریـان
ئەو مەجلیسە تەشکیلی لە مەست و عوقەڵا بـوو
قەلبم بە هەوای عیشقەوە سا کەوتەوە هـەیجان
سەرخۆشـــی دو لـــەعلت چ دە پـــەروایی ڕەوادا

قوربـــانی ســـەفای خۆروەشـــی پـــاک سرشـــتم
چەندێکـــە کـــەوا تـــالبی ئـــەسراری بەهەشـــتم
جۆیـا لـە هـەموو مەعبـەد و دێـر و لـە کەنشـتم
بڕوانـــە قـــەزا و قـــەدەر و ئەســـڵی سرشـــتم
دینـم لـە بـەهای جەننـەت و فیردەوسـی لـەقادا

ئـاوارە لـە مـەئوای وەتـەن و کـۆیی غـەریبا
وێنـەی خـەتوخاڵـت کـە لەنێـو بـادە نـەدیبا
ئـەو شـێعرە پەریشـانە چ ئاسـارە عـەجیبا
بـۆ دیتنـی زوهـرە و قەمـەری یـارە «ئـەدیبا»

## ئەی ماە جەبین

ئـەی ماهــ جـەبین، ئافـەتی دیـن، دڵبـەری عـەییار
ڕووت ڕەوزەیـی ڕیـزوان و نـەعمیی گـوڵی دلـدار
پڕ عەبهـەر و ڕەیحـان و سـەمەن، سـونبولی گوڵنـار
قوربانی قـەدت بـم کـە دەڵێـی سـەروە بـە ڕەفتـار
تاکـەی لــە خــەمت دەربــەدەر و ســینە بریـنـدار

لـەو ڕۆژە کـە ئامـانجی شـەهی سـەخت کـەمانم
دەمزانـــی لـــە هیجـــری ئەلـــەمت نـــابێ ئـــەمانم
چـون مـەدحی سیفاتی تـووە هـەر ویـردی زمـانم
بـــاکم نییـــە بـــەو شـــوهرەتـــە بـــەدناوی زەمـــانم
ئەی وای لە دەست جەوری تۆ و تەعنـەیـی ئـەغیار

سەوداســـەریی و گۆشەنشـــینیی و ســـەلامەت
داخـی غـەمی مەعشـووقە، نیهـانیی و شـەهامەت
بـێ ناڵـە بـڕین گریـە دەبـێ ئەشـکی عـەلامـەت
بەو خوایە نییـە ڕوویـی تـۆ بـێسـەنگی مەلامـەت

## جەبرانی دەکا غەمزەیی دو نێرگسی خەمار

حاشا لە سەر و قەوم و لە ئەحباب و برادەر
گەر حوکمی سولەیمان لە سەر ئەم موڵکە سەراسەر
یا دەستڕەسم بێ بە هەموو موڵکی سکەندەر
بێفائیدەیە بۆ منی مسکێنی قەلەندەر
نیساری دەکەم پاکی لەبۆ یەک دەمە دیدار

ئەی خوسرەوی خوبان سەبەبی شین و گرینم
بۆ غەمزەیی شیرینە، کەوا گۆشەنشینم
دایم بە ئومێدی نەزەرت مات و حەزینم
وا چاترە ئەم حوسنە کە جارجارە ببینم
خەوفی سەرمە هەڵبگرێ پەردە لە ڕووی کار

تا عیشق نەبێ، مەسجید و مەیخانە بەتاڵە
عاشق چ غەمی میحنەت و فەوتی سەر و ماڵە
بۆ ئاشقی ڕووی یار، دەمی زەوق و پیاڵە
موفتی غەڵەتی کرد کە نەڵێ بادە حەڵاڵە
باوەڕ کە حەڵاڵە، کە حەرامە لە ڕیاکار

تەنبوور و دەف و بەربوت و پەیمانەیی مەزهەر
یا مسک و بخورات، لە کاشانەیی مەجمەر
سەد نەغمە و سەد پەند، لە مەیخانە و مینبەر
عیزز و حەشەم و ڕوتبەیی شاهانە و ئەفسەر

نابێ بە سەفای زەوقی حوزوورت، دەمی ئەفکار

بێتاعەت و پڕ مەعسییەت و ڕووت و عەجیبم
بێ سەروەت و بێتۆشە و موحتاج و غەریبم
داخوازی مەی و موفلیس و بێهۆش و شەکیبم
حاجەت بە موعەڕڕەف نیە وا دیارە «ئەدیب»م
ڕووم ناوەتە سەر خاکی دەرت، عاجز و ناچار

## پێنجخشتەکی لە سەر هەڵبەستی تاهیر بەگ

کێ دیتویە وا حوسن و لەتافەت لە بەشەردا
چاوت کە هەموو غارەت و قەتڵی لە نەزەردا
قەتلی منی مەزڵوومی بە یەک غەمزە خەبەردا
قوربانی ڕوخت بم کە شکستی بە قەمەردا
حەیرانی لەبت بم کە ڕەواجی بە شەکەردا

ئەمڕۆکە لەبەر خاڵی تۆ موستەغنی لە میشکم
بۆ شاهیدی دەردی دڵی شەیدا لەبی ویشکم
چون هێندە دروون پڕ خەم و خوێناوی سریشکم

[هەرچەندە دەکەم سەعی، لەبەر خوێنی سریشکم]
خـاکێ نیـە بیکـەم بـە هـەوەس گـاهێ بـە سـەردا

ڕۆژێکی کەرەم فەرموو، لە ڕوی لوتـف و کـەماڵات
تـا بـۆ بەڵـەدی خـاڵو خـەتت، بێمـە موتـاڵات
سەیری قەمەر و لـەعلی لـەبت کـەم، قـەدو بـاڵات
دڵ ڕۆویـوە قوربـان لـە وجـوودم بـە خـەیاڵات
دایـم لـە سـەفەردایە ئەگـەرچی لـە حـەزەردا

تـا وەسـڵی لـە ئاوێنـەیی دڵ دێ بـە تەفـەئئول
پەروانـە بـە ڕووی شـەمعی، نـەما تـابی تـەئەممول
لـەو سـەیلی غـەمت نـابێ ئـەمانم بـە تەخـەییول
ناحـەق نییـە ناوەسـتێ ئەگـەر پـردی تەحـەممول
سـیروانی سریشـکم کـە دەکـا هـاژە لـە سـەردا

لـەو ڕۆژەوە ڕووی کـردە چـرای بـەزمی حەریفـە
وا چـارەیی مـن بـوو وەرەقـی زەردی خەریفـە
گـەر نـەیبوو لـە بـەر مەسـتییە پـەروایی ئەسـیفە
مـەقسـوودی لەسـەر کوشـتنی عوشـاقی زەعیفـە
وەختـێ کـە دەکـا خەنجـەری تیـژی بـە کەمـەردا

ناپرسـی لەبـەر حیشـمەت و ئیقبـاڵ و جـەلالت
لـەو کێوکـەنی کوشـتە بـە ئوممێـدی ویسـالت

شـــيرینه بەشـــی‌دا ئەلـــەم و ژەهـــری وەباڵـــت
ئەســتێرە هــەموو مــەحوە لەنێـو نـووری جـەماڵت
چون شەمسی ڕوخـی تـۆ شـەوی گێـڕاوە بـە فـەردا

ئـەی بـۆ ئـەلـەمی مـن کـە تـۆ لـوقمانی ئـەمینی
شــیرین دەهــەنو شــوهرەیــی ئافــاق و زەمینــی
جــارێ بڵــێ بێچــارە «ئــەدیب» بــۆچی حــەزینی
مــەیلی هەیــە «تــاهیر» کــە بپرســی لــە برینــی
بڕوانــە کــە ئــەو شــۆخە چ تیــری لــە جگــەردا

## دیسان پێنجخشتەکی لە سەر غەزەلی تاهیر بەگ

لاحەولـە لـە سـەر تـا بـە قـەدەم دڵبـەر و شـەنگە
بـۆ جـەزبی دڵـی عاشـقی عیشـقت چـو نەهەنگـە
پەنجـەت کـە بـە خـوێنڕێژی دەڵێـی شـێر و پڵنگـە
ئـەی پرتـەوی ڕەنگـت وەکـوو ڕەنگـی هەمـە ڕەنگـە
خاڵــت بــە مەســەل زولفــی ســیاهت شــەوەزەنگە

ئاشووبی زەمەن، زیبـی چەمـەن، سـونبولی خۆشـبوو

گێســووی و بــرۆی نــازر و حەیرانــە بــە هەرســوو
ئــەی ســەروقەدی ســیمتەن و مەهوەشــی گــوڵڕوو
بــەزم و تــەرەب ئامــادەیــە، ســاقی مــەیــێ فــەرموو
دەنگــی دەف و ناڵــەی نــەی و ئــاوازەیی چەنگــە

بــیمارە دڵــم، تەنگــە وەکــوو غونچــەیی زارت
بــوو باعیســی مــەخمووریی مــن، چــاوی خومــارت
خەجڵــەتدەرە بــۆ حــۆر و پــەری، حوســنی ویقــارت
ســەد نــامی خــودا بــێ لــە دوو پوســتانی ئــەنارت
گــرد و شــلک و ناســک و پــڕ چــەنگ و قەشــەنگە

جــارێکی لــە عوشقــاقی نەپرســی چییــە حــاڵی
دووری تــۆ دەچێــژێ، بەســە ژەهــر و خــەم و تــاڵی
بێچــارە بــە تیــری تــۆ بریندارە، دەنــاڵی
لێــوت کــە وەکــوو لــەعلی بەدەخشــانە بــە ئــاڵی
گــەنجوور و نگــەهبانی دەهــان و دەمــی تەنگــە

ڕووت شەمسە، کە سەر تازە وەدەر دێنی لە خاوەر
شــوعلەی لــە ســەر ئافــاقی مەلاحــەت وەکــوو داوەر
فەرمانــدەیــی ئــەبرۆیی خــەمت، ئــامیر و یــاوەر
تــابووری موژانــت لــە گــەڵ ئەگریجــە بەرابــەر
وەســتاوە ئــەڵێی لەشــکری ژاپــۆن و فەرەنگــە

چــاوم کــە لــە موشــتاقیی ڕووت بۆتــە بــە دەرمــان

وا چـــاوەڕێ و والـــە و گریانـــە، دوڕئەفشـــان
مەزڵوومـە، ئەسـیری تـووە، مەحکوومـە بـە فـەرمان
مـورغی دڵـم ئـەر خەسـتە و خوێنینـە بـە قوربـان
پێکـــاوی مـــوژەی تۆیـــە، نـــە کـــوژراوی تفەنگـــە

ڕووت جەننەت و حوسنت مەلەک و ساحرییەت جن
بـــۆ هاڵـــەیی دەوری قەمـــەرت کـــافر و مـــوئمن
ناوەسـتێ لـەبـەر تیـری مـوژەت جەوشـەنی ئاسـن
چـــاوت بـــە مەســـەل ئافـــەتی دڵهایـــە، وەلاکـــین
بـۆچ وایـە کـە ئـەبرۆیی کـەچت مـەیلی بـە جەنگە

بـــۆ دیتنـــی ئـــەم ڕۆژە زەمانێکـــە لـــە ســـەر ڕێـــم
قەولی، لە کەڕەمدا، بـەمـە فـەرموو کـە شـەوێ دێـم
حـازربێ مـەی و سـاقی و پەیمانـە لـە گـەڵ جێـم
عاجز بـوو کـە ڕووم خستە بـەری پێـی و وتـی پێم:
ئـەی ئەبلەهـە کـەی ماڵشـی ئاوێنـە بـە سـەنگە

بەو شـەهدی لـەبت تفڵـی دڵـم چـون بـووە موعتـاد
حەیرانـــە بـــە کێـــوی غەمـــەوە عـــاجز و ناشـــاد
یەکـدەم بـە دەمـی خونچـەیی شـیرینی بکـە یـاد
سەرگەشـتە و ئاشـوفتەیی ئـەشـقم وەکـوو فـەرهاد
کێـــوم بـــەدڵ و ســـینە و ســـەر، پەنجـــە قوڵنگـــە

ئینسـافە! بـە هـەوری وەرە ئـەم پـەردە مەپۆشـە

بــەم نەرگســی شــەهلا، بەســە عیشــوە مەفرۆشــە
بــاکی چ بـــە شـــیرینە، (ئـــەدیب) مـــایلی نۆشـــە
مەنعی مەکە، (تـاهیر) کـە ئەگـەر مـات و خەمۆشـە
دێوانــەیی ڕووی تۆیــە نــە مەســتی مــەی و بەنگــە

## به بۆنەی کۆچی دوایی عەباس عەلی

غــوڕەیی میهــری جــەلالی مــەهی حەوتــەم بــە ژمـار
چووە ناو دۆزەخییان، ڕووحی موشەڕڕەف بوو بە نـار
چوون لە بۆ مەرسیەخوانی، فەلە و ئاخوند و جوهوود
«حَشَـــــرَهُاللّٰهُ مَـــعَ فِرْعَـــوْن و هامـــان جیـــوار»
ئاغــە و هاوســێ دەڵــێن: باشــە و شــایانە کــەوا
گوو کەیـە گـۆڕی هەمیشـە، بـە شـەو و ڕۆژ خـەروار
عیسەویی و مووسەویی و ڕەعیە و ئەکراد و عـەجەم
هەموو تەلعینی دەکـەن، وەک شـبرێ لـەیل و نـەهار
عەجــەمان دێنــە عــەزاداری، بــە تەســلییە دەڵــێن:
کەر سەکەت بوو بە سەقەر، باقییە سێ جاشـە حـیمار
ســابیقەی خزمــەتی بــوو چاکــە فەرامۆشــی نەکــەن

# لە قەزای حاجەت، ئەگەر شام و سەحەر شەڵواردار[١]

[١]ـ ئەدیب ئەم پارچە هۆنراوەی بە بۆنەی کۆچی دوایی عەباس عەلی داناوە، کە نووسیاری (مرشدالسلطنه=امیر تومان)ی ئاغای نەغەدەی بووە.
سنەیی رحلەتی عەباس عەلی بێمار/ ساڵی یۆنت قەمەری چو بوو لە هیجرەت شط غم (١٣٤٩).

## بۆ پێمەڕەکەی

ئینسـافە لـە بـۆ بێڵـێ، هـەموو لابـە و زاری
ئەندێشـە کـەمێ باشـە لـە تەعنـەی منـی عـاری
ئـەو بێڵـە مەگـەر بێڵـە وەیـا ئۆتۆمۆبێڵـە
سـێ مـانگێ موعەتتـەل بـێ، لەبـەر بـێتەنـەکاری
بـۆ پێمـەڕە قـەت پـەردەیـی عـارت مەدڕێنـە
گـەر خـاوەنی شـان و شـەڕەف و هـۆش و ویقـاری
کـوورەت لـە بـەهارێوە دەمـێ جۆشـی نـەهێنا
کـەی کوورەیـە؟! شـایانە بلێـی کۆنـە بوخـاری
«قـد ضـاق مجـالی کسـرالله علاتـک»
تـەفرەم مـەدە چیـتر ئـەتۆ و حـەزرەتی بـاری
ئـەی وای چ سـوودێ هەیـە لە شـکانی دڵـی مـن
لا تحـترق الکـور بفطینـی و نـاری
هـەر چەنـد مەلەکـەی بیـری تـۆ پـڕ تـاو و عەجیبـە
بگـرە قەڵـەمت، بەسـیە، نـەوەک ڕووشـە ببـاری[1]

[1]ـ ئەدیب جارێکی پێمەڕەیەکی بردبووە لای ئاسنگەرێک، کە بۆی بیرازو تیژ بکاتـەوە. دەڵـێن ئـەویش چەنـد مـانگێکی هەر هاتوچۆی پێدەکات. وە هەر جارەی بیانوێکی دەهێنێتەوە. (ئەدیب)یش کە لە ساختەی وەستایەکە تەواو دڵنیـاو سەخڵەت دەبێ؛ ئەو پارچە هەڵبەستەی بۆ دادەنێ. ڕووشە: کێشە، گێچەڵ، کارەسات.

## ساڵی دووە سەرگەشتەیە

ســاڵی دووە سەرگەشــتەیە دڵ بــۆ ڕوخــی لــەیلا
حەسرەتکــەش و پــەژموردە، سەراســیمە و شــەیدا
دێوانــەســفەت، تــالبی شــەهدی لــەبی زیبــا
لــەو بەلدیــەیــی تەییبــەدا تــووورە بــە مــەعنا
ئامادەیــە بــۆت، مائیــدەیــی (نَحْــنُ قَسَــمْنَا)

ڕێ زەحمەتــە، بــێمەشــعەلە، بــۆ غــەمزەدەیی یــار
کەس ڕاهی نەجاتی نییە لــەو لوججــەیــی خونخــوار
تا بۆت نــەدڕێ، فــەیزی ئەجــەل، پــەردەیی پونــدار
پەروانــەیــی ئــەم حاڵەتــە، پەرِســوختەیی نــار
سەربەســتە هــەزاران ئــەرەنی گــۆ، وەکــوو مووســا

تەزکیــەو و بــۆ کــاڵبودە ئــەی زاهیــد و دینــدار
بــێفائیــدەیــە، پــەیڕەوی و ســوحبەتی ئــەغیار
جــانم بــە فیــدای قەهقەهــەیی عــارفی هوشــیار
ســووتاوە لەبــۆ جــامی مــەی و ڕوتبــەیی مــەیخوار
عیرفان کە نەبێ، حوسنی چییە نەقشی هــەیــوولا؟!

ڕوحمــێ کــە بــە مەحبووســی ناچــاریی هــاڕووت
بــابێ بــەرێ ســەیلی کــەڕەمت، حاڵــەتی ناســووت
بــۆ لوتــف و عــەتا کــات، پیــاڵێکی بــە مــاڕووت

ڕووی یۆسفی لەو میسرە، بەسە بۆ کەسی بێقووت
پیاوێکــە وەکـــوو شـــێری، کەســـی تـــالبی مـــەولا

ئەی مۆنسـی دڵ، غونچـەیی گـوڵ، سـاقی مەهاسا
ئـــەو پـــەردە وەلابێخـــە، دەمـــێ بێمـــە تەماشـــا
تەســـکینی دڵـــم بـــی، بـــە جـــەزا (أَحْسَـــنَكَ الله)
لـەو مـوژدە سـەرم حـازرە بـۆ مـەوقعی (اضـحی)
وا کردمـــێ قوربـــانی، بـــە ئەنفاســـی مەســـیحا

مەزلووم و زەعیف و بـەشـەری بـێسـەر و سـامان
مەعلوومـە کـە غـەرقی گـونەهم، والـە و حـەیران
هەرچەنـدە کـە مەعیوبـە تـەنم، نـابی بـە قوربـان
داخـڵ نـەبی بـەم وادییـە وەک مووسـیی عیمـڕان
بـــێ تـــەرکی عەســـایی بـــەدەن، (أَوْلَىٰ لَـــكَ أَوْلَىٰ)

عەکسی ڕوخی تۆی دیوە لە سەفحەی گوڵی حەمڕا
شـــۆریدە و ســـەودا بـــەســـەرە، بولبـــولی گۆیـــا
ئەز حیکمەتی حـەق مەزهـەرە بـۆ وامیقـی عـەزرا
جۆیـــایی تـــۆ:پیـــر و وەریـــع ، عاقـــڵ و بوڕنـــا
نـاو تەکیـە، وە یـا سـومعە وە یـا دەیـر و کلیسـا

ســاکیت بــە ئــەدیبی عەبەســا عــاجز و غــەمگین
بەدناوی لەنێـو عـامی، شـەقی، موفلیسـی بـێدیـن
لایاتی تەسەووف مـەدە دەم، جـێ دەمـی تـۆ نـین

ئــەو حاڵەتــە ســینێکی دەوێ ســافیی و بــێ‌کــین
دەرمانــە لــە بــۆ قــەڵبی ســەقیم، ئایــەتی کــوبڕا

## ڕووت شەمسی تەمووزە

ڕووت شەمسی تەمووزە هەموو پڕ تـابش و تـاوە
ئەگریجەیی چین‌چینە لـە ڕووت پـەخش و بـڵاوە
حەیرانی دەمت بـم بـە مەسـەل شووشـە گـوڵاوە
قوربانی دوو زولفـت کـە دەڵێـی سـونبولی خـاوە
مەیلت ئەوە چەنـد ڕۆژە لەسـەر وەعـدە نـەماوە

ڕۆژێ نییــە مەســتانە کــە عەهــدت نــەشــکێنی
وەک کاهڕوبــا ئــەو دڵــی مســـکین نـــەڕفێنی
وەک قــەوس‌وقــەزەح ســاتێ بــە ڕەنگــێ دەنــوێنی
بێ‌گیان، بـەدەنی خەسـتەجگـەر! بـۆچی دەمێنـی
وەک شووشــەیــی ناســک دڵــی بێچــارە شــکاوە

پێم فـەرموو: گونـاهم چییـە ئـەی سـەروی دڵارام
چیــدی مەکــە دڵڕەنجــە ئەســیری منــی ناکــام
کــوا تاقــەتی ئــەو جــەورە هــەموو تــاب و توانــام

ئەبرۆیی کەچت حاڵی دەمی مەرگی نیشان دام
تەهدیدی سەری تیری موژانت بە عەلاوە

ئاوارە و خونخوارە، مەگەر وامقی عەزرام
لۆمەم چ دەکەن، کوشتە و سەرگەشتەیی لەیلام
غەرقی غەم و سەوداسەر و ئاشوفتە و شەیدام
بۆ دانەیی خاڵت بە فریو چووم، دڵی کێشام
سەرتاسەری دەورەی قەمەرت، دانە و داوە

سێوی چەنەگەت، ئاوی حەیات و چەهی زەمزەم
ئەی گیانی عەزیزم بە فیدای ئەو سەر و پەرچەم
ئەورۆکە دەڵێم خاکی هەموو دەر وەسەرم کەم
پرسیم: چییە دەرمانی برینی دڵی پڕغەم؟
فەرمووی کە دەوای سەهوە «ئەدیب» کاری کراوە

## هەجوی میرزا عەلی[1]

مەعلوومە کە لەم مەفسەدە کێ ئەسس و ئەساسە
تەرزی مەسەلە، جێی سمی کەر، چنگی هەیاسە
وا نیمە بە کوردی، تەڕەفی خۆم کە نەناسم
ڕووی دیارە لەبن پەردە، وەکوو ئاسوپەڵاسە
مەعلوومە بە قووەی کلک ئێسک دەشکێنێ
بێچارە برایم نییە، بەو هۆش و هەواسە
بێ سڕ نییە ئیخفایی تەخەللوس لە هیجادا
جاکێشیی و گەووادییە ئەم ترس و هەراسە
هاجی تەڕەفی من، کەرە، مونشی بێ چ کاتب
هێند ئەحمەقە، بۆی واجبە مەهمیز و قەراسە
بێتەبع و هەوایە، بە کەری بێتە مەسافم
شێعرم وەکوو شێستتیرە، موقابیل بە مەساسە
ناموتنەزەمە، شێعری نەفامانەیی جاهیل
وەک جندە موباهاتی بە گاندان و لیباسە
تەبعی کەچی وەک جەوهەری جوو بوو وەدەری خست
گەر چاری نەما جندە سیلاحی کەتەداسە
تەعقیبی مەکە چیدی «ئەدیب»، بەم قەڵەمی هەجو
دوژمن کە بە ئەو تەعنە لەنێو ژانی نیفاسە

[1] ـ میرزا عەلی نووسیار (کاتب)ی قەرەنی ئاغای مامەش، پارچەهەڵبەستێکی نەشیاو و سووکی لە بارەی مەلا ڕەسوولی دانا. بە ناوێکی لاوە (برایم)ی دانا بوو؛ چونکوو زاتی نەدەکرد لە چتی وا دڵشکێندا، ناوی خۆی دەربڕێ. بەڵام ئەدیبی دوربین و هۆشیارو تێگەیشتوو، سەرەڕای ئەو شوێنەونکەیەش، زانیویەتی لە مەڕ کێیە و هی کێیە و بەو جۆرەی خوارەوەش [دێرەدا سەرەوە] وەڵامی داوەتەوە.

# چاوەکەت مەستە

چاوەکەت مەستە بـە ناحـەق فێـری مەیخانـەی مەکـە
لێیگەڕێ مـەمنوونی بـەزمی دوردی پەیمانـەی مەکـە
زولفـی سـازاوت دەسـا تـەرتیب و چینـی تێـک مـەدە
حەیفە تووشی جەوری ڕێش و کێشی لەرزانەی مەکـە
پەرچــەمت جێــی ئاشــیانەی بولبــولی تــەبعی منــە
چونکـە ئێشـکچی شـەوە، تـۆ مـەنعی هێلانـەی مەکـە
گەردنم پێی خۆشە حەڵقەی تـای تـەنافی زولفەکـەت
چاوەکــەم ئیــتر حەواڵــەی تــۆق و زۆلانــەی مەکــە
دڵ بــە مــەیلی خــۆی دەمێکــە عاشــقی باڵاکەتــە
تۆخـودا مائیـل بـە غـەیری خـۆت و بێگانـەی مەکـە
هەر لە ئـەووەل تـۆ دڵـت بـردم بـە نـازی چاوەکـەت
تــازە فێــری ڕاە و ڕەســم و تــەبعی پەروانــەی مەکــە
عاشـقی خونچـەی دەمـت تاکـەی دەبـێ ئـاوارە بـێ
مــەحرەمی ڕازە، حەواڵــەی چــۆڵ و وێرانــەی مەکــە
هــەر بــە ڕەســمی دیــدەنی باسـێکی نـایێنی دەمـت
دڵبـــەری وا نـــابێ عەیبـــە نانەجیبانـــەی مەکـــە
خۆت دەزانی وەک «ئەدیب» کەس بەندەگی پێناکرێ
وا بە ڕیسوایی لـە نـاو ئـەم خەڵکـە ئەفسانەی مەکـە

## ئەتۆ دوێنێ

ئـەتۆ دوێنــێ قـەرارت دا دەگـەڵ مــن
کە چوار پارچە قەڵەم هەن، خالیس ئاسن
ئەمن ئەوڕۆ هـەتا شـەو مونتـەزیر بـووم
خـــودا ببـــڕی بـــڵا پیـــاوی درۆزن
ئەگەر بێ و ماڵی شێخی لـێ وەدەرخـەی
چلۆن ساقیت دەبێ وەک کێری بـێگـون
لـە پـێش چـاوی هـەموو عاڵـەم دیـارە
لە هـەرزانی بـە وێنـەی دەنکـی هـەرزن
دڵـــی بـــردم مەواعیـــدی لـــەتیفت
کەچی ئەمڕۆ لە من بـوە بـووکی بـێ بـن
درۆ زۆر شـەرمە بـۆ ئاغـای وەکـوو تـۆ
دەبێ ئامانجی تەعنی دۆسـت و دوژمـن
بـە گیـانی شـێخ جـەلالی بـۆم نـەنێری
درۆ سـەر دەردەخـا وەک کلکـی بـاڵن

## سەرفی عومرم کرد

سەرفی عومرم کرد چو ڕەمماڵان بـە زەوج و فـەردەوە
وا لە دووی دەرمانی دەردی قەلبی غـەمپـەروەردەوە
کوشـتەیـی لـەعلی لـەبی لـەیلایی ئەحمـەرچوردەوە
تـا بـە کـەی قوربـان بنـاڵم مـن بـە ئـێش و دەردەوە
دەسبەئەژنۆ، قوڕبـەسـەر، دایـم بـە ئـاهی سـەردەوە

سـەیدی داوی زولفـی تـۆم بـۆچی دەبـێ بێگانـە بـم
بێخـەتا، کووکووزەنـان، مەحبووسـی ئـەم وێرانـە بـم
بـۆ تەماشـای ڕووت عـەزیزم، چاکـە بـەس بێگانـە بـم
ڕۆژی ئـەووەڵ بـوو کـە زانـیم مـن دەبـێ دێوانـە بـم
عاشقی تۆ، نەوعی مـەجنوون وا بـە کێـو و هـەردەوە

شـــیفتە و حـــەیرانی یـــارم، وا مەزانـــە غـــافڵم
عەنـــدەلیبی پـــڕ فوغـــان و نـــاڵەیی زاری گـــوڵم
چاکـە ئینسـافت هـەبێ، جـارێ دەڵێـی: مـن عـادڵم
مەڕحەمـەت کـە زوو بـڕۆ قاسـید بڵـێ دەردی دڵـم
نـازی پاپۆچـت ئەکێشـم مـن بـە تـۆز و گـەردەوە

گیانفیـدایی غـەمزەیی خـاڵ و خـەتی سـیحرافەرین
دڵبەرا شادیم لە دڵ دەرچوو، غـەمت بـوو جـێنشـین
چاوەکـەم سـاتێ کـەڕەم کـە ئـەی غەزاڵـەی نـازەنین
هەر وەکوو قەوسوقەزەح با دەس لە گەردن دانیشین
تۆ بە سوخمەی ئاڵ و سەوز و من بە ڕەنگـی زەردەوە

موژدەیی وەسڵت لە بۆمە کەی دەنێـری ئـەی سـەنەم
داستانی شەرحی هیجرانـت لـە خدمـەت کـەی بکـەم
دائـیمەن پـەژموردە، ناشـادم، غـەریقی بـەحری غـەم
یەک نەفـەس چاکی نـەهێنا کەعبەتـەینی بەختەکـەم
شـەشدەرم گیـراوە دامـاوم بـە دەسـتی نـەردەوە

بێنـەوا و دەردمەنـد و دەربـەدەر، سەرگەشـتە خـۆم
بۆتە زیکری ڕووی لەتیفت، ویردی قەلبی گفـتوگـۆم
نامـەوێ ملکـی عەجـەم یـا پادشـایی خـاکی ڕۆم
چونکی من پەشماڵی بـاڵا و بۆسـەچینی کـۆڵمی تـۆم
چـی دەکـەم ئیـتر لـە سـەیری بـاخ و بێنـی وەردەوە

ڕوویی خوێنڕێژت وەدەرخە، حاجـەتی خـوودی نییـە
حەلقـەیی زولفــت نــەزیری دەرعــی داوودی نییــە
هەر وەکوو دەردی (ئەدیبی) ڕوویـی بێهبـوودی نییـە
ئیلتماســی (تــاهیر)ی بێچــارە قــەت ســوودی نییــە
تـۆ کـە دایـم شەڕفرۆشـی بـەو دڵـەی وەک بـەردەوە

## گلەیی لە قەرەنی ئاغای مامەش

تــــۆ لەلایێکـــــی دەڵێـــــی ئــــەهلی دڵ و ویجــــدانم
خاســـــە مەنســــووبی زەکــــی خــاکی شــەهی بورهــانم
ئەڕشـــــەدی مـــوکری و بـــەگزادەیی ئـــەکڕادی نـــەجیب
ئەعقـــــەلی مـــــەنگوڕ و پیـــــران و شـــــنۆ و لاجـــــانم
پــڕ خوشــــووع و وەڕەع و ڕازیــــی و تەســــلیمی قــــەزا
ســــۆفییی ســــافی دەروون، دوور لــــە درۆ و بوختــــانم
مــــونکیری تاعــــەتی تــــۆ نیمــــە، لــــە قــــەول و عەمــــەلت
کــــە موناڤینـــــە لـــــە یـــــەک، مەحتـــــەل و ســـــەرگەردانم
کەی منت دیت بە دوو چاوت، لە خەتا و جورم و گوناهـ
وا بـــــە تەقلیـــــد و هـــــەوا کەوتیـــــە دووی خیـــــزلانم
خزمـــــەتم کـــــردی زەمانێکـــــە قـــــەدیم، هـــــەم بەڵـــــەدی
بــــا حوقــــووق و بــــەوەفــــا، خــــۆش ســــیفەت و ئینســــانم
ســـووئیزەننـــی تـــۆ لـــە کـــەملوتفییـــە دەرحـــەققی ئـــەدیب
وەرنـــــە مەعلوومـــــە (ئـــــەدیب) موخلیســـــی ئاغایـــــانم

## بۆ مەلا مینەی قەرەقشلاخ

نایل بـوو بـە شـێعرت، دڵـی پڕ حـوزنی شـەبانە
قوربـانی وجـودت حەشـەم و مڵـک و خەزانـە
دوو ســاڵی تەمامــە چ لــە ڕوودا، چ غیــابی
ئیخلاسی عەقیـدەم بـە تـۆ بـێڕەیـب و گومانـە
لەو وەجهـە سـەناخوان و موریـدم بـە جـەنابت
عـاری لـە عـەبا و سـەبحە و میسـواک و نیشـانە
ئەو پەردە لەبۆ موفسدی وەک تۆ گـەلێ سـەیرە
کەودەن کـوڕەیی هـەرزەچەنـەی لووسـی ژنانـە
لەم سـەرحەدە بیسـتووتە یەقینـەن بـە تـەواتور
چەند کەس کە دەناڵی لە بەر ئەو تیر و کەوانـە
(فی‌الجملە) کە سەرفی‌نـەزەرم نـابێ لـە ئەسـتی
هێلکێکــی لــە نێــو ... دەیکــەم بــە نیشــانە
حازر دەبم ئەو سێشەمە، بۆ قیسسەیی مەعهود
بێنیـازی دەکـەم بـابێ بـە بـێعـوزر و بـەهانـە

عـەهـدم ئەوەیـە نـابێ لەسـەر ...ی وەلاچـم
سـەد جـار بنـاڵێنێ بـە هـاوار و فوغانـە
کـارم ئـەوە بـی مـوددەیی دەی مـاهی جـەلالی
کلکـی بکەمـە بـەیرەقی ئـوردوویی شـەهانە
لـەو عەشرەتـە وا چاکـە  کـەوا خـانی بـرای بـێ
ئامـادە بـە تـەنبوور و بـە سـێتـار و چەغانـە
مەعلومە کە ئەستی بە ئەسڵ مـەنگورە، کـەردز،
پێـیخۆشـە تـەقازا و حەڕەکـەی بولهەوەسـانە
چـون زۆر نییـە، شـاعیری تەبعێکـە خـوداداد
کێشەی تۆ دەگەڵ من بە خـودا خـەبت و زیانـە
بێدەنگ بە مەلا مینە، بە کـوردی ئـەدەبت بـێ
بۆ هەجوی بە بێپەردە، «ئەدیب» شێری ژیانـە

## عەجەب ماوم کە پەسوێ

عەجـەب مـاوم کـە پەسـوێ بۆتـە تـاران بـۆ منـی خـاکی
دەبــێ بمــری لــە دەردی بــێوەڵامــی عــارز و شــاکی
هەتا وێستا لەبۆ بێچارە جێـی لوتـف و عەداڵـەت بـووی
لەبــەر بەدبــەختی خۆمــە دادخــوازی بۆتــە بــێباکی
دەسووم داسی ئومێـدم بـۆ دروونـی مەزرەعـەی لوتفـت
پەڕی خووشـەی ڕەجـا و ئـارەزووم، مـا خـار و خاشـاکی
دە بگـرە جوولـەکێک بـم مـن مـوتیعی ئـەمری ئیسـلامم
لە ئیجرای حەق تەساموح حەققە هەم بۆ ئامیر و زاکـی
لـە لاجـان و شـنۆ، مەلجـەء نـەماوە مولتـەجی بـم پێـی
کـە ئاغـاش لـێم نەپرســێ دابنیشـم بـا بـە غـەمناکی
ئەگـەر مـەیلت نەبایـە زەڕخریـدی کـەس نـەبوو لاجـان
هەمیشــە چــاوەڕێی لــوتفی ئەتۆیــە چــاوی غــەمناکی
ئەدیبیش هەم بە ڕۆژی خۆی بە کاری گیان نیساری دێت
درێغی لێ مەفەرموو، بـێخـەتا، ڕووی ڕەحمـەتی چـاکی
لە لان وا بوو کە بێچاران لـە سـایەت بـێخـەم و دەردن

**که لاجان بێته تەورێز، خۆم قوتار کەم با بە چالاکی**

## دەمەقاڵەی ئەدیبو دەروێش مووسا[1]

**چەند ڕۆژێ که لە ناسازی ئیقامەم بوو لە شار**
**تەنی پڕ عەجز و ئەلەم، خەستە دڵی زار و نزار**
**مام ڕەجەب دەعوەتی کردم بە دوسەد عیز و ویقار**
**تەرزی ئەعیان و خەوانین بوو لەبۆ شام و نەهار**
**کامل ئەسپابی زیافەت، لە هەموو جۆرێ هەزار**

[1] - لە سابڵاغێ لە گەڕەکی هەرمەنیاندا، کابرایەکی نانفرۆشی نەخوێندەواری لەندەهۆری سەروسیما پڕی لێبوو، بە ناوی دەروێش مووسا، کە من خۆشم دیتوومە لە ڕۆژی هەینیدا پۆشاکی قەلەندەرانەی دەپۆشیو تاجێکی زۆر درێژیشی لە سەری دادەناو هەموو کەرەستەیەکی بە خۆیەوە دەکرد وەکوو: شیرو زەرگو کەشکۆڵو مەشاکو تەورزینو ڕشتە و ... زۆر چتیترو وەکاز (عصا)ێکیشی بە دەستەوە دەگرت، بە ناو شاریدا دەگەڕا.
لە ساڵی (١٩٢٠ز) دا مەلا ڕەسوولی ئەدیب لە بەر نەخۆشی چوو بووە سابڵاغێ. مام ڕەجەب ناوێک، بانگهێشتنی کرد بوو. لە شەوێدا دەروێش موساشی لێوەژوور دەکەوێو دەمی لە ئایاتو خۆ نواندن دابوو. ئەدیبیش هەر وەکوو لەو پێنجخشتەکیەیدا کرۆکی دەمەقاڵەکەی خۆیانی ڕاڤە (شرح) کردوە. لێیهەڵدەداتێ: (گیو)

ئەسڵی مەدعوو لە قیاسی، دە نەفەر بوو بە عەدەد
ئەهلی لادێیی و شاری، هەموو خۆش خولق و جەسەد
مەجلیسی بۆغەرەز و غەیبەت و بوختان و حەسەد
کاک محەممەد بوو لە گەڵ یاری عەزیز، شێ محەمەد
کاکە مووسایی حوسێنی، سەفییی پاکتەبار

یەک لە دەروازەوە نەمزانی ئەگەر غوولە نە جند
کیسوەتی ڕەسمی قەلەندەر هەموو مەتبووع و پەسند
هات وەژوور کەوت و لە ناگاهـ، دلێرانە و توند
یا عەلی کوت بە فەسیحی و بە دەنگێکی بلند
دیم کە مووسایە، لە دەروێشی دەدا دەم وەکوو پار

(لَن تَرَانِي) وتی پێم: ئەم (لَن)ە نەفیی ئەبەدە
من کوتم: جاهیلی تۆ، دەم وەرە لەم جێگە مەدە
نانفرۆشی نییە، فەرمایشی زاتی سەمەدە
گفتوگۆی ئەو کەسەیە، ئاشقی وەجهی ئەحەدە
بێسەوادی وەکوو تۆ، بایە و تەفسیر چ کار؟!

کوتم: ئەی مەردی حیسابی دەتەوێ دینداری؟!
ڕەسمی دەروێشی، کە خامۆشییە و هوشیاری
چت لە ئایات و موعەمما و مەسەلەی عەییاری
حەللی ئەم مەسئەلە هەللاجی نییە و ...یری ئیزار

موتەغـەییێر بـوو لەسـەر ئـەم قسـە دەروێشـی حـەزین
نـەدەگونجـا لـە هەراسـانی لەسـەر ڕوویـی زەمـین
بە نەسیب ئـەم کەسـە بـێ، یـەکسـەرە خاریج بـوو لـە دین
سـەگ لـە پاشـی نـەدەژی سـاتێ لـە بـەر شـیددەتی قـین
هـەر وەکـوو کاکـە ڕەزا فەرمویـە: لـێم بـوە سـەگی هـار

کـوتی: لـەو حاڵـەتی دەروێشـییە تـۆ نابەڵـەدی
پـڕ غـروور، سەرسـەری و کیـبری، فەقـەت کـاڵبودی
لـە تـەڕەف قـەلب و مـەقاماتی سـەفا، بـێمـەدەدی
زاهیـرەن فاسـقی و کـافری بـاتین ئەبـەدی
هـیچ قوبـوڵ نـابێ لـە تـۆ تۆبـە لـەگـەڵ ئیسـتیغفار

کـوتی: مووسـام و لـە ئـەم عـەسرەوە مـەئمووری خـودا
زاهیـری تـەن، بەشـەر و بـاتینی لـەم خەڵقـە جـودا
سـاحەبی مـوعجیزە و قـودرەت و حـاڵات و عەسـا
یـەدی بـەیزا و حـوزوور و قـەدەم و تـوور و نـەدا
تـۆ کـە فیرعـەونی دەبـێ حوکمـە بخنکێـی لـە بیحـار

بـە دووسـێ ئایـە و ئـەخبار و دەلیـل، عاسـی بـوو
نـە حەدیسـێکی لـەبیـر مـابوو، نـە مـەعنا و نـە هـوو
ئیـدیعای بـوو لەڕووی کیـزب و سـمێلی پـڕ مـوو
ڕووکەشـی قەڵبـی عـەیان بـوو وەکـوو زێـڕی دە دەچـوو
عـادەتی کـەر وایـە، لـە ئایـات و خەبـەر دێتـە فیـرار

چــون لــه فەرمایشـــی حــەق، جــاهیلی وا بــێخەبــەرە
پێـــی وەیـــە حاڵـــەتی دڵ ڕشـــتەیـــی تـــاج و تـــەوەرە
یـــا غـــەزەڵخوانی و کەشـــکۆڵ و مەشـــاک و کەمـــەرە
یـا تـــڕین و تـــەرەب و ڕەقـــس و ســـەما و پرچـــی ســـەرە
یـــا نـــە ئیلحـــاد و ئیباحـــەتتـــە، ســـەری ئیســـتیکبار

بــەڵی مــەعلووم بــوو تــەبیعی، لــە شــەریعەت بــەدەرە
بــە تــەبیعی چ بڵــێم: ئایــەتی حــەق بــێســەمەرە
مــەعنی قــەولی خــودا قســمەتی ئــەهلــی بەســەرە
هــەر لەبــۆ ئــەهلی ســەفا، بەنــدە «ئــەدیب»، خــاکی دەرە
چــم لــە مووســایە، کــە ســەرزارییە دەروێشــی حــیمار